ترەمپ پلانی ئیدارەکەی بۆ کەمکردنەوەی ڕۆژەی تاوان لە واشنتن دی سی دەخاتەڕوو

دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەمڕۆ یەکشەممە ڕایگەیاند، پلانی ئیدارەکەی بۆ کەمکردنەوەی ڕۆژەی تاوان لە واشنتن دی سی دەخاتەڕو، هەرچەندە ڕوداوە توندوتیژییەکان لەو گەیشتونەتە نزمترین ئاست لە ماوەی 30 ساڵدا.

دۆناڵد ترەمپ لەپەیامێکدا ڕونیکردەوە، ڕۆژی دوشەممە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی سازدەکات کە "لە ڕاستیدا کەمکردنەوەی توندوتیژییەکانی واشنتن دی سی ڕادەگرێت".
ترەمپ وتیشی، "واشنتن بووەتە یەکێك لە مەترسیدارترین شارەکانی جیهان، بەمزوانە دەبێتە یەکێك لە سەلامەتترین شارەکان".

کەناڵی ئێن بی سی نیوز باڵاویکردەوە ، دوای هەفتەیەك لە هەڵەشەکردن لە دەستبەسەرداگرتنی فیدراڵی واشنتن دی سی، دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاندوە، پەیامێکی هەیە کە ڕۆژی دوشەممە دەریبکات بۆ کۆتاییهێنان بە تاوان لە پایتەخت.